


# ئایین و کۆمەڵگەی ئێرانی لە ڕۆمانی «خانووەکەی مزگەوتێ»

لوقمان محەممەد شلانی
(سۆران)

١

ئەو ڕۆمان و نووسراو و کتێبانە کەمن کە جێگەی خۆیان لەنێو دڵی خوێنەر دەکەنەوە. دیارە هەر خوێندنەوەیەک، تەنانەت سیپەتۆر و پەڕپووتیش بێ، هەر سوودبەخشە، چ جای ئەگەر هاتوو شاکارێک بێ لە ئاستی نێودەوڵەتی. کاتێک هزردەکەی بۆ خوێندنەوەی کتێبێک، هەموو کەس دوودڵ و گوماناوییە. ئاخۆ ئەوەندە دێنێ، کاتی خۆتی بۆ تەرخان بکەی و خۆتی لەگەڵ ماندووبکەی؟، یان نووسەر و وەرگێڕی کێیە؟ هێمن ئاسا گوتەنی مافی خوێنەرە بزانێ ئاخۆ نووسەر و وەرگێڕ چ کەسێکە، چونکە هەست دەکەی ئەو ساڵانەی دوایی کە لەم بوارەدا تەکانێکی باش دراوە، لەگەڵ تەکاندانەکەش شتی بێ سەر و بەریش زۆر بووە و خزاوەتە ناویەوە.

خوێنەریش ناهەقی نییە ئەم جۆرە گومانانە بکات، چونکە هەر گومانە پەلکێشی هەقیقەتی دەکات و بەرەو ڕاستی و خۆشی و ئاسوودەیی ڕاستەڕێی دەبات، ئەوجا خانووەکەی مزگەوتێ یەکێکە لەمانە.

ڕۆمانی «خانووەکەی مزگەوتێ»، لە نووسینی ڕۆماننووسی ئێرانی هۆڵەندینووس «قادر عەبدوڵڵا»یە، باس لە سەردەمانی زووی فارسی ئێران دەکات، ناوەستێ تا دەیگەیەنێتە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو. باسی سەرجەم دابونەریت و هەڵسوکەوتەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی دەکات، بەتایبەت شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی، زاڵکردنی دابونەریتی عەرەب بەسەر شارستانی فارسدا. ئەم زاڵکردنە هەم بە دەستی ناوخۆیی، هەم بە دەستی دەرەکی.

ئەم ڕۆمانە وامان نیشان دەدات، کە کۆمەڵگەی ئێرانی (خەڵک و دانیشتوان) لە گەندەڵی ڕایانکرد بۆ دیکتاتۆریەت، بە واتایەکی تر لەبەر با ڕایانکردە بەر باران و کرێوە.

بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتنی زیاتر دەچینە نێو لاپەڕەکانی مزگەوتێ...

٢

## ڕووداو و تێهەڵکێش

ئەلیف،لام، میم...

ڕووداو و چیرۆکەکانی نێو ئەم

ڕۆمانە، کەم لە فەنتازیا و ڕازاندنەوە دەچێ، ئەوەندەی لە ڕاستیودروستی بچێ، هەرچەندە کۆڵەگەیەکی ڕۆمان فەنتازیایە، بەڵام ئەوەندەی هەست دەکەی ڕابوردوو بووەتە مێژوو، کەمتر بۆ لایەنی ڕازاندنەوەت دەبات. ئەم ڕۆمانە ئەوەندەی لە ژیان و بەسەرهاتەکانی ئێمەوە نزیکە، زۆرجار بیری ئەوە دەکەی ئاخۆ تۆ بڵێی کەسێکیش هەبێ سەرگوزەشتەی ئەم خەڵکە ئاوا بنووسێتەوە؟ ڕووداوەکانی نێوی وات لێ دەکەن ئەگەر بەڵگەداریش نەبن لای تۆ هەر جێگەی باوەڕبن.

ڕۆمانێک لە ناو مێژوو دەژی، لە ناو مزگەوت و مەلا و قورئان، لەنێو گەنج و شۆڕش، لەنێو ژن و دەست ڕەنگینی، لەنێو ئاوارەیی و دەربەدەری، لە نێو شۆڕش و دەسەڵات، لەنێو پاکتاوی نەیار و گوێنەدان بە بەها مرۆییەکان، لەنێو بێ وەفایی دنیا و گۆڕانی کۆمەڵگا، لەنێو دەستبەرداربوون لە بەها مرۆییەکان لەپێناو خوا و ترسان لە شۆڕش، لەنێو حەز و ئارەزووی مانەوە و سێکس ...تاد.

هەر لە یەکەم ڕووداوەوە کە دەست پێ دەکات و دەگێڕێتەوە تێهەڵکێش لەگەڵ چیرۆکەکانی قورئان دەکات. لەبەر ئەوەی خۆی لە خانەوادە و بنەماڵەیەکی ئولیدار گۆشکراوە و پەروەردە بووە، نەیتوانیوە خۆی لەم خووەی منداڵیی بدزێتەوە، هەرچەندە خۆی کەسێکی چەپ و کارانگاز بە فیکرەی چەپگەرایی بووە، تەنانەت بەوەشەوە نەوەستاوە، کە تەنیا چیرۆکەکان تێهەڵکێش بکات، بەڵکو قورئانیشی وەرگێڕاوە و شی کردووەتەوە.

کاتێک چیرۆکێک باس دەکات و دەگێڕێتەوە، وا دەزانی کە لەناو قورئاندا باس کراوە، ئەوەندە بەجوانی مەعلانانە دایدەڕێژێتەوە، ئەگەر وەستایانە بۆی نەچی وات لێ دەکات کە قورئان بۆ ئەم ڕووداوانە هاتووە و تێیدا نووسراوە. کاتێک باسی «ئاغاجان» دەکات و دەیەوێ بەرگری لە «مەلا ئەحمەدی ئەلسابیری» بکات، ئەوەندە جوان تێهەڵکێشی ئایەتی دەکات و دەڵێ "ئەی ئەو کەسەی خۆت بە جلوبەرگ داپۆشیوە! تۆ نابێ لەوە زیاتر لەسەر زەویدا بکەوی..." ئەمەیان لەکاتێکە کە بێ دادگا مەلا سزا دەدەن و دەیانەوێ تەمبێی بکەن، تا ببێتە پەند بۆ هەموو دەوروبەر و کۆمەڵگاش.

٣

**دابونەریتی نێو کۆمەڵگا**

ڕۆماننووس هەر بەگێڕانەوەی چیرۆک ناوەستێت، بەڵکو هەموو دابونەریتی کۆمەڵگا دەداتە بەر نووکی ڕەخنە. هەوڵ دەدات تێکیان بشکێنێ و لەناویان ببات و ئاشکرایان بکات. لە هەڵواسینی ئێسکی کەللەسەری گیانداران، لەسەر دیوار و خانووەکانیان. ئەم دابونەریتە لە باشووری کوردستانیش هەبووە، بە واتایەکی تر هەموو ئەو گەلانەی پێشتر لە ماد و ئارییەکان و زەردەشتی بوونە، ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەیان هەبووە، ئەوجا کوردیش بەپێی هەموو سەرچاوەکان کە ئایینەکەی زەردەشتی بووە، لەم دابونەریتانە بێ بەش نەبووە ، تەنانەت ئێستاش لە گوند و دێهاتەکان بەردەوامە، ئەمەش لە خودی ئایینی زەردەشتی نەبووە، بەڵکو نەریتەکە لەپێش ئەو بەجێ ماوە، تەنانەت هەر عورفە خراپەکان باس ناکات، بەڵکو ئەوانی تریش باس دەکات و سڵیان لێ ناکاتەوە. کاتێک باسی خۆڕازاندنەوەی ژنان و ئارایشتیان دەکات هەمووی ڕووندەکاتەوە. شێوەی مارەکردن و داخوازی و گواستنەوەی بووک، باسی مردن و شینوشەپۆڕ و چلەشیان دەکات، باسی مەمکدان و جلی ژێرەوە و شێوەی دەرمانکردنیان دەکات، هیچ بەربەستێک لەبەردەم باسکردنیان نابینێ. لەهەمان کاتدا کچ و ژنەکان پێچەوانەی لای ئێمە دەرمان دەکەن و خۆیان دەڕازێننەوە، بەڵام نابێت پێشیان بگوترێ کە خاتوون جوانی!

هەر ئەم قسەیان بە (فەخری سادات و ژنەکانی تر دەگوت) ئەوان کەیفیان دەهات و دڵخۆش دەبوون. لێرەوە قسەیەکی جوانی ڕۆماننووس و وەرگێڕ و چیرۆکنووس (شێرزاد حەسەن)م بیرکەوتەوە کە دەڵێ :"کچ و ژنەکان لەلای ئێمە خۆیان دەڕازێننەوە و خۆیان جوان دەکەن، کەچی ئەگەر کوڕێک پێیان بڵێ بەڕاستی جوانی، لە وەڵامدا پێی دەڵێت گوو بخۆ". ئەمە جیاوازی ئەو کاتی ژنەکانی ئەوێ و ئێستای ئێرەیە کە ئاسمان و ڕێسمانە.

٤

**ڕۆڵی ژن**

پاشان ڕۆڵی ژن لە خاوێنکردنەوەی ماڵ و شێولێنان نابەستێتەوە، بەڵکو باسی دەست ڕەنگینی و جوانی هزریان لە هەڵبژاردن و دروستکردنی وێنە و مافوورچنین و چەندان کاری ناوازەی دی دەبینێتەوە. ژن لەو ڕۆمانەدا بەڕاستی هەم ڕۆڵی باش و هەم خراپ دەبینێ. نموونەی دادەکان و «فەخری سادات»، لەبەرانبەردا «زینەت» کە دواتر ڕۆڵێکی ژنانەی دوور لە فیترەتی خۆی دەبینێ کە قامچی وەشێن و خۆنەبان کردنییەتی لە جگەرگۆشەکەی خۆی.

٥

**ڕۆڵی مزگەوت لە شۆڕشی ئێراندا**

کاتێک باس لە مزگەوت دەکات، وای نیشان دەدات کە مزگەوت لە کۆندا داینەمۆی شۆڕش و ئارامی شار بووە، کە ئەمەش حەقیقەت و ڕاستییە، ئەمە هەر بۆ ئەوێ ڕاست نییە، بۆ ئێمەش لە هەموو بەشەکانی تری کوردستان ڕاست بووە، هەرچەندە لای ئەوان مەلا و مزگەوت جمکەیەکی جوان و هاوتەریب بوون، بەڵام لای ئێمە ئەگەر مەلا جووڵابێ، ئەوە مزگەوت خامۆش بووە. لەوێ باس لە ڕووداوی مزگەوتی زنجان دەکات. لەو دەمەی مەلا خاڵخاڵی، تەنانەت مەلا ئەحمەد ئەلسابیریش، چ جووڵە و تەکانێک بە شار و شارنشینان دەدات، تەنانەت دەزانێ لە چ کاتێک پێویستە قسەبکرێ. هەر مەلا و مزگەوتە چ سووکایەتی و بەڵایەک بەسەر شاژنی وڵات دێنن. چ ڕێگرییەک لە دروستکردنی سینەما دەکەن (مەبەستم لە ڕۆڵی مزگەوتە)، کەچی لەلای ئێمە یەک دوو حاڵەتی وا بەڕێزپەڕ هەبووە، ئەگەرنا هەرهیچ شتێکی ئەوتۆ ڕووی نەداوە، بۆیە دەڵێم مەلا جووڵاوە وەلێ مزگەوت خۆی لە گووره نەبردووە. ئەگەر لە ڕۆڵی مزگەوت دەپرسی، دەبێ بەشێک بێ لە ئازار و ناخۆشییەکانی گەل، لەگەڵ مەزڵوومان بێ، دژی بێدادی بوەستێ، خۆی بە بەشێک لە چینی خوارەوە بزانێ.

٦

**کچان و نامە دڵدارییەکانیان**

ڕۆمانەکە گێڕانەوەکانی هەر بە قورئان تێهەڵکێش نییە، بەڵکو لە چەندان شوێن بە شیعری شاعیرانی کۆن و نوێی ڕازاندووەتەوە. «نوسرەت ڕەحمانی» و «ئەحمەدی شاملوو» و «فرووغی فەڕوخزاد»یش لەوێ بە هەند وەرگیراون. کاتێک کچەکان نامە بۆ دڵدار و دەزگیران و مەلاکان دەنووسن و دەیانەوێت ببێت بە دڵداریان، بە شیعر نامەکانیان دەڕازێننەوە، هەرچەند مەلاکان بێ وەڵام دەمێننەوە، هیچ هەستێکیان بۆ دەرنابڕن. وەلێ «ئاغاجان» دەکەوێتە ژێرکاریگەری ئەم دەقە شیعرانە و دەبێتە بنێشتە خۆشەی سەر زاری.

**"ئەی خودایە، ئەرێ قەت ماچت کردووە**
**لێوی سووری ژنێکی مەست**
**هەرگیز مەمکی کاڵت بەدەست**
**گرتوون ؟"**

لە بەشێکی تری شیعرەکانی تێهەڵکێش دەکات و دەڵێت:

**"لێوە تێنووەکانم**
**بەدواتدا دەگەڕێن**
**دەی جلەکانم داکەنە**
**لە ئامێزم بگرە**
**ئەوەتە لێوەکانم**
**ئەوەتە گەردەن و مەمکە گڕتێبەربووەکانم**
**ئەوەتە جەستە نەرم و نۆڵەکەم"**

نوێگەری لە شیعر و ئەدەبیاتی فارس باسی لێوە کراوە، چونکە ئەدەبیاتی فارس بەردەوام لەگەڵ پێشکەوتنی جیهان، ئەویش خۆی دوانەخستووە، وەلێ بە داخەوە لای خۆمان زۆر دواکەوت.

٧

**مەلا و سیغە و سێکس کردن**

بەشێکی تری ئەم ڕۆمانە بۆ شێوازەکانی ژن مارەکردن تەرخان کراوە. ئەوەی توانیویەتی ئیدامە و درێژە بە ژیانی کۆمەڵایەتی پیاو بدات و لە ئاست ئارەزووە سێکسییەکانی بێ سیغەکردن بووە. ئەم جۆرە مارەبڕییە هەر بۆ پیاو نییە، بەڵکو بۆ ژنەکانیش دەشێ، ئەوەی توانیویەتی شیعە لە سوننە جیابکاتەوە و بە نەرمتر پیشان بدات ئەو بابەتەیە. ئەگەر بە پێوەری فەلسەفەی ئەفلاتوونیش بێ مەسەلەی سێکس دوای ئەقڵ و

خواردن کاریگەری زۆری لەسەر مرۆڤ بە هەردوو ڕەگەزەوە هەیە. کاتی خۆی لای ئێمە کە گەنجێک لاسار دەبوو، پێیان دەگوت ئاوی دەگونان گەڕاوە، یان کچێک وابوایە پێیان دەگوت گەی مێردیەتی، بۆیە وادەکات، هەرچی سوننەیە بابەتەکەی کۆتوبەندکردووە بە کۆمەڵێک مەرجی قورس، وەلێ لەبەرانبەردا شیعە تەنیا بە ڕەزامەندی و سێ وشە بەستویەتییەوە (انکح، زوجا ،قبل)، هەر ئەم شتانەن وادەکەن کە تا ئەمڕۆ ئیدامە بە شیعەگەری بدرێ.

## ٨
## ماددەی هۆشبەر و گوڕ و تین

لە دوای سیغە ئەوەی ڕۆڵێکی زۆری بینیوە و توانیویەتی کۆمەڵگەی شیعە ڕابگرێ ماددە هۆشبەرەکان و سڕکەرەکانە، تەنانەت بەکارهێنەرانی هەر بە ئێرانەوە نەوەستاوەتەوە، بەڵکو ئەوانەی ژێر قەڵەمڕەویشیان گیرۆدە کردووە، تەنانەت ئەو ماددەیە ڕۆڵێکی سەرکی لە دروستکردنی شیعەدا بینیوە. ئەوان توانیویانە گەنجەکانیان سەرخۆش بکەن و بە زیندوویی بەهەشتیان پیشان بدەن، کە بەڵێنیان پێدابوون (بۆ زانیاری زێتر سەیری ڕۆمانی هێلانەی هەڵۆ، خواوەندی هەڵەمووت بکە). توانیویانە هەم وەک ماددەی پڕۆتین بۆ هێز بەکاری بهێنن و هەم وەک حەبی ئارەزووی سێکسی.

## ٩
## فەلسەفەی ئایین

ئەلیف لام میم ڕا...

لە بنەڕەتدا ئایین بۆ خۆشبەختی هاتووە، کەچی هیچ کۆمەڵگایەکی پێش نەخست. دواجار بووە مایەی نەگبەتیش بۆ خێزان و کۆمەڵگا، لەبەر ئەوەی ئەوەندە ڕاقەکار و شیکەرەوانی لێ پەیدابوون، هەرکەس بە گوریس و ڕیەی خۆی دەیپێوا و دەیکێشا. ئەوە ئایین بوو لە سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) لە مەدینە هەمەوانی بە جوولەکەکانیشەوە کۆکردبوونەوە، کەچی لای خۆمان ئەوە باوکە منداڵ دەردەکات، ئەوە دایکە حاشا لە جگەرگۆشەکەی دەکات، ئەوە ئایینە وایان لێ دەکات کەوا ئەقڵی خۆیان دوور لە هزرکردنەوە بکەن و چاوەکانیان دابخەن، لە دنیای ئەوێ بە بەهەشت شاددەبن، ئەوە ئایینە شیرازەی سەدان ماڵی تێکداوە، سەدانی ئاوارە و دەربەدەر کردووە. هاوشێوەی «ئاغاجان» خانەوادەکەیان لەژێر سایەی ئایین و ئایەتوڵلا و مەلایەکان لێکترازاوە. من لەلای خۆمەوە زۆرجار دەڵێم ئایینمان لە چوار بۆ پێنج کۆمەڵە پێکدێن، یەکیان سەلەفی، ئەوەی تر سۆفی، ئەوەی تر سیاسی، ئەوەی تر عادەتی و کۆمەڵگایی، کۆتاشیان وەک نالی و مەحوی و مەلای کۆیێ و مەلای مودەڕیس...تاد.

لەکاتی گەڕانەوەی خومەینی و ئایەتوڵڵاکان، تەواوی کۆمەڵگای ئێرانی ئەقڵ و هزر و ئارەزووەکانیشی لە گۆڕ دەنرێ، هەر ئەوان (ئایەتوڵڵاکان) لە جیاتییان بیردەکەنەوە و بڕیاردەدەن. دەبێ هەموو داهێنان و پێشکەوتنەکان بە فلتەر و پاڵفتەی ئایین تێپەڕ بێ و ئۆکەی ئەوان وەرگرێ. خەریکە لەم کوردستانەی خۆشمان هەمان دید بۆ شتەکان پەیدا دەبێ، تەنانەت لە لایەن دەسەڵاتیشەوە پاڵپشتی دەکرێت و تەمویلیان دەکەن، لەجیاتی ئەوەی سەنتەرێکی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی پاڵپشتی بکرێ، یان دروست بکرێ.

## ١٠
## ئایینی زەردەشت

ئەلیف لام ڕا...

بەشێکی تری ئەم ڕۆمانە باسی فەلسەفەی ئایین دەکات، بەتایبەتی زەردەشتی. کاتێک خوا لە ئەرز دەپەرسترا، پەیکەریان بۆ خواوەند دانابوو، زەردەشت هات و خوای لە زەوی بەرزکردەوە و گوتی خوا لە ئاسمانە، ئەو هات ئاگری لە پەرستن کردە ڕەمز و هێمای سەرکەوتن. لای هەمووان ڕوونە کە زەردەشت پێغەمبەر بووە نەوەک ئاگرپەرست.

لێرەش ئیسلامەکانی پێشوو (عەرەبە خۆپەرستەکان ئەوانەی چاویان بە زەردەشتییەت و کارە چاک و پێشکەوتنەکانیان هەڵنەهات) ویستیان هەم زەردەشت و هەم ئایینەکەی و لەناویشیان شارستانیەتی فارسی تێکوپێک بدەن و کەم بایەخی بکەن و کردیشیان. هاتن بە فتوای پێشەواکانیان تۆمەتی ناڕەوا و درۆیان خستە پاڵ زەردەشت و

ئایینەکەی. خەڵکی شوێنکەوتوویان چەواشەکرد. ئەگەر عەرەبەکان توانیبێتیان ئاگری زەردەشتی لەکەدار و خامۆش بکەن، ئەوە هەندێک لە مەلاکان توانییان ماڵی ئاغاجانەکانیان و سەدانی تر، تەنانەت وڵاتیش کپ و خامۆش بکەن.

لەناوبردنی لایەنی چەپەکان و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی تەوەرێکی تری باسی نێو ڕۆمانەکەیە، هەرچەندە چەپەکان هۆشیارتر و سیاسی و ڕۆشنبیر و خوێندەوارتر بوونە، وەلێ لە ڕووی بەڕێوبردن و خوێندنەوەی ئەقڵی کۆمەڵگاوە ئایەتوڵڵاکان زۆر زاناتر بوون، بۆیە دواجار ئایەتوڵڵاکان و دارودەستەکەیان بوونە سەرەخۆرەی هەموو هیوا و ئومێدێکی هاونیشتیمانییان.

## ١١

## شەڕی ٨ ساڵەی ئێراق – ئێران

شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێراق و ئێران بەندێکی تری بۆ تەرخان کراوە، هەموو لایەنەکانی هەڵسەنگاندوون. داگیرکاری و چاوچنۆکی سەددام، کیمیاباران کردنی بەشێکی ئاوایییەکانی سنووری ئێران. یەک شت هەیە کە دەبێ باسی لێوە بکرێ، خومەینی لە سەرەتادا تا هەموو نەیارەکانی نێوخۆی لەناونەبردن، هیچ هەنگاوێکی بۆ دەرەوە نەهاوێشت، تەنانەت وەک پێویستیش نەکرد، بەرگری هەرچەندە چەپ و کۆمەنیستەکان و لایەنە نەیارەکانی تری خومەینی بوو، هیچ باوەڕیان بەم ئایەتوڵڵایانە نەبوو، کەچی هیچ هەنگاوێکی دژیان نەهاوێشت، کە دەیانتوانی تەنانەت زۆربەیان لەسەرەتادا زۆر بە ئاسانی لەنێو ببەن، کەچی ئەو لە گوندی سوور توانی هەموو چەپەکان لەنێو ببات، ئەوانەی بەر سزای مەرگ دەکەوتن.

## ١٢

## دروێنەی نەهامەتی و ناخۆشییەکان

دوو سێ بەندی پێش قارە مەرگەسات و ناخۆشی زۆری بەسەر ئەو جۆرە کەسانەدا دێ، وەک ئەنفال و زیندانی سیاسی باس دەکات.

کۆمەڵگایەک وا لێ دەکات کە لە هەموو بەها و پێوەرە مرۆییەکان دابماڵرێ. ئەوەی هەیە هەمووی بکەوێتە دوای سۆز و ڕەحمی حەڵاڵ و حەرام. مرۆڤبوون کاڵ بێتەوە، ئاییندارییەکی کەرانە جێگەی بگرێتەوە، سۆفیایەتی کوێرانە حاکم بێ، ویژدان و خۆشەویستی باربکات و نەمێنێ، ئەوەشمان هەم لە ئێران و وڵاتە ئیسلامییەکانی تر بینی، هەم لە کوردستان.

ئەگەر بڕیارە ئایین حاکم بێ، با ئایینێکی وەک مودەڕیس و مەلای گەورەی کۆیێ حاکم بێ، نەوەک ئایینی ئەم و ئەو.

## ١٣

## زمان و دەقی ڕۆماننووس، هەم زمانی وەرگێڕ و وەرگێڕان

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەیتە خانووەکەی مزگەوتێ و باقی ڕۆمانەکانی تری نووسەر، هەست دەکەی ئەوەندەی بە فارسی بیر دەکاتەوە، کەمتر ئێرانیانە بیر دەکاتەوە، هەرچەندە خۆشی بە زمانی هۆڵەندی دەنووسێ، بەڵام مەرج نییە هەر کەسێک بە زمانێکی نووسی بەهەمان زمانیش بیربکاتەوە، بەڵکو ئەوەی لای نووسەر سەنتەرە خودی ویژدانێکی زیندوو و ئاوەزی خۆیەتی. دیارە قادر عەبدوڵڵاش ئەو ڕێبازەی گرتووە کە بە هۆڵەندی بنووسێ، بەڵام جیاواز لە هۆڵەندی بیربکاتەوە، کەوابوو لە ئەنجامی کۆتاییدا دەگەینە ئەو ڕاستییە، لە سەرجەم نووسینەکانی قادر عەبدوڵڵادا ناوەڕۆک ناسنامەی دەقە.

زمانی نووسینی قادر عەبدوڵڵا ئەوەندە خۆش و ناسکە هەر حەز بە خوێندنەوەی دەکەی، ئەوەندە لە ناخییەوە هەڵقوڵاوە بوار بۆ شتی ڕووکەش ناهێڵێتەوە، تەنانەت لە کاتی خوێندنەوەدا ئەوەندە بەرانبەرەکەی و خوێنەر ڕادەکێشێ، وەک ئەوەی هەستێک پێت بڵێ کوفرە ئەم نووسینە تەواونەکرێ.

هەرچی تایبەتیشە بە زمانی وەرگێڕ لەم ڕۆمانەدا ئەوەیە، وا هزر دەکەی کە خۆی لە ناخی دەقەکەدا بێ وایە، ئەوەندە بە زمانێکی ڕوون و بێ گرێوگۆڵ وەرگێڕراوە، کە لە هیچ شوێنێک هەست بەوەرگێڕان ناکەی، بەڵکو دەڵێی ئەوە دەقێکی نووسراوەی ماکییە، لەوەی وەرگێڕراو بێ. لە بەکارهێنانی وشەی جوان و کۆنی کوردی و زیندووکردنەوەی وشەکان، فەرهەنگی کوردی زۆر دەوڵەمەند کردووە، هەرچەندە پێشتریش گوتراوە

کــە سێ ناوچە لە ڕووی زمـــان و وشـــەوە زۆر لەیەکـــەوە نزیکن و خـزمـایەتیــان بەهێـزە، ئەوانیش ناوچەی باڵەکـایەتی و پشــدەر و موکریانن. ئەگەر شێوەزاری سۆرانی وەک نموونە وەربگیــرێت، ئەوە لە کـاتی وەرگێـڕاندا دەتوانی ئەو سێ شێوە زارە لە ناوچە و شوێنەکانی تر جیـا بکەیتـەوە، ئەو جا ئەم دەقە وەرگــێــڕراوە، ئەم شـێــوەزارەی تێپەڕاندووە و بۆ هەموو ناوچەکانی بادینان و کـەرکـوک و هەولێـر و سلێـمـانیش پەڕیوەتەوە. وەک لە بارەی دەقی ڕۆمـانەکـەوە گـوتم شێوەیەکی سەرنجڕاکێشی هەیە بۆ خوێندنەوە، ئەمە بۆ وەرگێڕانی ئەم دەقە بە زیادەوە ڕاستییە، ئەوەندە بە دڵ و دەروون وەرگـێـڕراوە، هزرت بۆ ئەم لاو ئەولا نابات، بۆیە خـەریکە دەگەمـە ئەو ڕاسـتـیـیـەی بڵـێم ئەو زمـانی وەرگــێــڕانە ئەگــەر پێش «م.عـــەبدوڵڵا حـــەســـەن زادە» نەکـەوێتـەوە، ئەوە بە دڵنیـاییـەوە هاوتەریب لەگـەڵی دەڕوات. ئەوەی لەم دەقـەدا زۆر سـەرنجی ڕاکـێشـام، لێککردنەوەی هەندێ وشـەیە کـە لەبەکـارهێنان و گۆکردندا جیـاوازی لەنێـوان نێـر و مـێـدا دەکـەن، کـە ئەمـەش لە کـەم وەرگـێـڕاندا بەدی دەکـرێ. یەک خـاڵی ڕەخنەشم لەم وەرگــێــڕانە هەیە، ئەویش هەندێ هەڵـەی تـایـپ و یـەک دوو هەڵـەی ڕێزمـانی تێـدایە، بەو هیـوایەی لە نۆرەی چـاپی دووەم نـەمـــێنـێت، بەڕاستی جێگەی دەست خۆشیشە کە لە ڕووی خـاڵبـەندییـەوە تەواو و دروستە.

جگە لە دەســـتـــخـــۆشی بۆ وەرگێڕەکەی، هیـچم بۆ نەمـاوەتەوە لەسـەری بدوێم. هیـواخـوازم لەسـەر ئەم جۆرە نەمـەت و نەخشـە ڕێگایە بـەردەوام بێ. ئـاواتـەخـــــوازیشـم سـەرجـەم وەرگـێـڕەکـان ئەم جـۆرە وەرگــێــڕاوانە بخــوێننەوە، بـەڵکو ســوودی لێ وەربگـرن، کــە دڵنیـــام سوودی لێ وەردەگرن.

١٤

**ناوی ڕۆمان: خانووەکەی مزگەوتێ**

**نووسەر: قادر عەبدوڵڵا**

**چاپ: یەکەم ، ساڵی ٢٠١٧**

**زمان : هۆڵەندی**

**وەرگێڕ: شەفیقی حاجی خدر**